چیرۆک



هاوڕێ ئەحمەد

# موسافیرێک پڕ بە لێزمە

هەر لە ئەزەلەوە خـــواوەند وای دروست کـردبوو هێـدی نەبێت، ئەم هەمـوو کـات دوای زەردبوونی پـایز دەهـات و پێش سـەوزبوونـی بەهـار دەرۆشت، لە هیچ کـاتێکدا تـا دوا سـەفـەر وچـانـی نـەدا، لە دوا سـەفـەریدا هێنده بە ئەسـپـایی شـارێکانی دڵنیـایی تەیی کـردبوو کـوچەی هیچ گـومـانێک بە روویدا نەکـرایەوە، ئەم پێش سـەفـەر منداڵێکی یاخی بوو، هەرگـیـز سـەفـەری وا دووری نەکردبوو، رێی نەکەوتبووە تولەرێکانی خامۆشی و هیچ گـەڵایەک بۆی پێ نەکـەنی بوو، نسرمی شیوەکان و کەشی کێوەکان

و رەهیـــڵـــە و باران و زریانـی نەبینی بوو، لە هـیچ بـاخـــێکدا پـر بە تـاســـەی روحی بۆنی هەڵنەمژی بوو، ئەم لـەگەڵ هـاوڕێکانیدا چەندین جـار کـەوتبـووە دەمـەقـاڵی لەسـەر سـەفـەر، بڕوای وابوو سەفەر یەک ئاراستەیە و هـەمیشە موسافیر ماندووە.

ئەم هـەمـوو کـات ئـەوەی دەگـوتـەوە کـە تەنیـا مـرۆڤـە بـاڵاکـان لە مـانـا قـووڵەکـانی سـەفـەر دەگـەن، دەیگـوت مـرۆ بـە درێژایی تـەمــەن هـەوڵی چـەندان ســەفــەر دەدات و لە هـەوڵدایە بۆ گـەیشـتن بە مـوسـافـیـربوون، وەلێ لە کـۆتاییـدا تـەنیـا یـەک جـار و بۆ دوا جـار دەبێ بە مـوسـافـیر، یان ئـەشـێ هـەرگیـز بە موسـافـیربوون نەگـات و درێژترین تەمـەنیش بواری نەدا، یان دەشێ توانای موسـافیربوونی نەبێ و لە هـەژاریدا بـۆی نەلوێ، یان دەشـێ خۆی نەیەوێ و لە تەلیسمەکانی نەگەشتبێ.

ئەم دەیگوت سـەفـەرەکـانی ژێر چـەرداخی جـەسـتـە و نغرۆبوونی سـیـماکـان و جـاویدانی روحـەکان دەبنە مـوسـافـیر، سـەفـەر رووەو لقوپۆپی درەخـت و سـەفـەر بەرەو سـەمای گـەڵا و سەفەر بەنێو عەتفدا دبێتە مـوسافیر، سەفـەر لە چڕیەتی دڵنیاییدا و لە قەتماغـەی یەقینیدا و لە سەرابی گوماندا دەبێتە موسـافیر.

ئەم دوا سـەفـەری بە نێو روحی ئەودا کرد، سەفـەرێک لە کۆتادا موسـافـیرێکی لێ دەرچوو کـە خـواوەندیش هێندەی ئەم شـارەزای سـەرچڵ و بـن رەگی نەبوو، ئەم کە لێوانلێو بوو لە چاوەڕوانی و پڕاوپڕ بوو لە شـایستـەی مـوسافـیربوون، ئەو کە هـەمـیشـە چاو لە ئاسۆ و روو لە قیبلە راوەستـابوو، ئەم کە جـارێک تێرامـانێک یەقینی پێ نەبەخشـیبوو، ئەو هـەمـوو کات چاوەڕوانـی ئێــوارەیـەک بوو ســەردەقی رۆح بپــشکوێنێ، ئـەوان هـەردووک لـەو ئێــوارەدا بڕیاریان دا جەدەلی روح بۆ ئەبەد بەردەوام بێ.

ئەم و ئەو، بـۆ یەکـەم جـار کـە هـاتنە گـۆ عـاشـقـانی مـەملـەکەت بێدەنگ بوون و لێـو لە روومەت، چاو لە نەزەر بێبەری بوو.

ئەو پێی گوت، هـاوڕێ هـەموو کات من دڵم لای تۆ بووە

ئەم گوتی نا، وانییە، گەر دڵی تۆ لای من بووایە نەمدەدایەوە و بە دڵنیاییم ئەسپارد.

ئەو بە ناسکییەکەوە پێی گوت، گەر دڵی من لای تۆ بووایە، ئەدی من چۆن بێ دڵ بژێم؟

ئەمیش گوتی، خانم ئەگەر بتەوێ بۆ ئەبەد دڵێکت پێشکێش دەکەم

ئەویش گوتی، ئەگەر بتـەوێ ئاوێزانی یەکتری دەبین و لەم ژاوەژاوی نەیجورەدا بە فلوتی لێوەکانمان ئاوازی دڵنیایی دەچڕین و بۆ ئەبەد لە کەناری ئارامیدا لەنگەر دەگرم.

ئیتر ئەوان لەو ئێوارەوە رۆژمێرێکی نوێیان نەخشان، لە شوێن رۆژی شەموو پێکەنین و یەکشەمانیش کەمێک حوزن و دووشەمە راوکردنی سیما و بۆن و سێشەمە لەتکردنی گومان و چوارشەممە مەلەکردن رووەو یەقین و پێنجشەمە گەشتن بە مەلەکوتی عەشق و رۆژی هەینییان ناونا شەپۆلدان لە دەریادا، ئیتر ئەوان لەو ئێوارەوە ساڵێکی نوێیان نەخشاند، تەنیا ساڵێک، ژمارەی رۆژی ساڵی ئەوان ژمارەی رۆژی تەمەنیان بوو، یەکەم رۆژیان ناونا عاشق و دوارۆژیشیان ناونا مەعشوق، ئەوان غەزاکانیان لە بیابانەکانی روحەوە دەست پێ کرد و ئیمپراتۆرییەتێکیان لە بەهەشتی سۆز دروست کرد، لەو ئێوارەوە هەموو رۆژێک جیهادیان دەکرد، جیهاد لە پێناو عەشق و جیهاد لە پێناو خوا و جیهاد لە پێناو روح و جیهاد لە پێناو ماچ، بۆ فراوانکردنی ئیمپراتۆرییەتەکەیان جارێک دەبوونە مەشخەڵی شەپۆل و جارێک سەراسیمە بە هەناسە، جارێک بۆ گەشتن بە دڵنیایی پر دەبوون لە گومان و جارێک بۆ گەشتن بە لووتکە پر دەبوون لە هەور.

ئەو گوتی، کوا مێرووله بە باران دەنووسرێتەوە و کەی حەزلێکردن تاپۆ بووە؟

ئەم گوتی، ژیان پڕە لە هیواو بەتاڵە لە مەحاڵ

ئەو گوتی، ژیان لە تۆدا پڕە لە هیوا و لە بێ تۆدا پڕ لە مەحاڵ...

ئەم لە دایکبووی مەملەکەتی غەدرو تەپوتۆزی پێش ئەنفالە، کاتێ ئەم چاوەکانی بۆ بینین کرایەوە مرۆڤ مرۆڤی زیندەبەچاڵ دەکرد، گوێکانی بە واوەیلای دایک بۆ جگەرگۆشە و یو باوک بۆ رۆڵە کرایەوە، هات و هاواری زیندووان لە حەژمەتی مەرگی ناکاو و شین و شەپۆری گەرمیان لە حەژمەتی سوتانی نیشتمان، ئەم و هەموو دنیایان تاساندبوو، یەکەم بەرگی کە ئەم پۆشیی بەرگی خەم و بەرگی رەش بوو، چونکە ئەوکات بازاڕەکانی ئەم وڵاتە لێوانلێو بوون لەم بەرگانە و بازاڕ نەزۆک بوو بە بەرگی خۆشی، یەکەم هەناسەی ئەم، هەڵمژینی بۆنی باروت و پاشماوەی سێو بوو، یەکەم نیگا کە ئەم کردی، نیگای چووە سەر پیرەمێردێکی نیوە زیندوو کە وەک پەیکەر لەسەر چیایەک راوەستابوو چاوی بڕیبوو لە باشور، یەکەم فرمێسک کە ئەم بینی، فرمێسکی بێوەژنێکی دووگیان بوو هەناسەکانی هێندە بە قووڵی هەڵدەمژی گەردی تەپوتۆزی بیابانی باشوری رادەکێشا، یەکەم گریان کە ئەم بینیی، نوزەنوزی منداڵێک بوو لەکاتی لە دایکبووندا چەندین ئافرەت هەوڵیان لەگەڵ دەدا و ئەویش توند رەحمی دایکی گرتبوو بۆ ئەوەی لە دایک نەبێت، یەکەم پێکەنین کە ئەم بینی، پێکەنینی پارچە ئاسنێکی تێکشکاوی گەورەبوو کە پێیان دەگوت زرێپۆش و لە یەکێک لەچەمەکانی خوار گەڕەکەکەی ئەمدا تێکشکا بوو، یەکەم هەڵپەڕکێ کە ئەم بینیی،

ئاهەنگی دوو گەنجی باوک رفێندراو بوو هێندە بە توندی دەستی یەکتریان گوشیبوو بە یەک تەماشا هەستت بەوە دەکرد ترسی رفاندنیان لە دڵدا ماوە.

ئەو گوتی، لەم نیشتیمانە مەغدورەدا رووبەرێک بۆ عەشق دەست ناکەوێ.

ئەم گوتی، رووبەری عەشق خاڵییە لە غەدر

ئەو پاش هەناسەدانێک کە لە دوا هەناسەی چۆلەکەیەک دەچوو بەردی دارلاستیکی منداڵێکی عەجولی بەرکەوتبێ گوتێ، هەموو کات ترسی من لە داهاتووە و لە چارەنووس دەترسم

ئەم گوتی، چارەنووس ئەوەیە کە تۆ بتەوێ.

ئەو گوتی، لوتفی پەرەسێلکەیی من بێ ئامانە بۆ کەسێک لە نیشتیمانی گەرمەوە هاتبێ و رووە و باکور بە دوای ژیاندا وێڵ بووبێ.

ئاخر ئەو کە تەڕترین دڵۆپی باران و قەدی گەڵا بێت، چۆن موسافیر پڕ ناکات بە لێزمە، ئەو هەموو کات وەکو یاقووتێکی پەمەیی لە ئاسمانێکی ساماڵدا دەدرەوشایەوە و بێباکانە هەناسەی دەدا، هێندە بە ئەسپایی گوێی راگرتبوو دەبووایە چرپەی تروکاندنی هێلکەی کۆترەباریکەیەک پرسی پێ بکات، هێندە بە نەرمی تەماشای دەکرد دەبووایە چاوکردنەوەی خونچەیەک سوپاسگوزاری بێت، ئەو کە دەیتوانی بە ئاماژەیەک ماسی بکات بە ئاو و شەوەزەنگیش بە خۆرەتاو ئەدی چۆن ناتوانێت رێبوارێک بکات بە موسافیر؟

ئەو گوتی، من تا ئێستا سیخناخم لە چاوەڕوانی و چاوەرێشم بۆ داڵدەدان

ئەم گوتی، منیش وەکو گژەی رەشەبام چاوەڕوانی دەربەندێکم بۆ توانەوە

ئەو گوتی، نەفەسی من وەک نەفەسی دەریا وایە، تا چاو برکات پڕ تەحەموول، تا ئەوسەریش پڕ بە شەپۆل

ئەمیش گوتی، هەناسەی من چەم و مێرگە و سروتیشم پڕ بەلێزمە

ئەو کە حەسرەت بردووی رۆژگارێکی پڕ لە هات و نمایندەی روحێکی پڕ تەقدیسە، ئەو کە تیلەی تێڕامانی وەک بۆنسۆی سوتانی تاڵە قژێک سەرتاپای روح دەهەژێنێ، ئەو کە پاڵەوانی رۆمانە نەنووسراوەکان و کچی نەبینراوی خواوەندەکانە، ئەو لە دایکبووی یەکەم رۆژی هەینی ساڵی خۆشی و دوارۆژی مانگی ئاشوبە، چۆن سەهۆڵبەندان ناکات بە خاکی بەپیت و کیشوەرێکیش پڕ بە لێزمە.

ئەو گوتی، ژیان پڕ بە باڵای داربی دروست کراوە، هەر چوار وەرزی هەر سەوزییە و

پڕاوپڕیشە لە تاڵی

ئەو دەیگوت، من زۆر لە رەگەزی پیاوە دۆڕاوەکان دەترسم، ئاخر ئەوان سەر زەوییان پڕ کردووە لەبۆنی هەڵقرچانی عەشق و ئاسمانیشیان دادڕیوە بە قریشکەی تارمایی کچێنی، شەمشەمەکوێرەکانیش نەوەی هەمان رەگەزن و گوێکانمانیان ئاخنیەوە بە پرتوبۆڵەی کوێرانە.

ئەم گوتی، روحی من ژێی کەمانێکە چ ئاوازێ تۆ بتەوێ بۆت دەژەنم، سینەشم شمشاڵێکە چ هەناسەیەک تۆ بتەوێ لە قوولاییدا دەری دێنم، گوتی، ئەو وەزنی حەرفەکانی ئەوسەرە و قافییەی وەرزی بەهارە، ئەو گۆچانی دەستی فرمێسک و ئاوێنەی روومەتی مانگەشەوە، ئەو کلی چاوی باران و سوراوی لێوی رووبارە، ئەو کرێوەی پێش هاتنی عەشق و سامالی خاکێکی بۆرە، ئەو داهاتی هەژاران و تێشووی موسافیرێکی دوورە، ئەو گەلایەکی بێ پێناس و نۆتەیەکی پڕ لە سۆزە، ئەو خاکەلێوە لە بۆری و جۆزەردانە لە ماندوویەتی، ئەو شاژنە، شاژنێک گەر عیشقی ئەم ئاگریش بێت وەک تاج لەسەری دەنێ، ئەم گوتی ئەو بەبێ من، نەغمەیەکی نەبیستراو و باڵندەیەکی بێ رووخسارە، ئەو پرچی ئاڵۆزکاوی دیرۆک و غەریبێکی نێو مەنفایە، ئەو بەبێ من بێچوویەکی بێ هێلانەو دەریایەکی خاڵی و مزگەوتێکی بێ منارە و خاچێکی بێ عیسایە.

ئەو گوتی ئەگەر من نەبم، کێ راڤەی ئەم عەشقەی تۆ دەکات، کێ نوورت دەکاتە بورکان و کێ تروسکاییت دەکاتە چەخماخە و تنۆکت دەکاتە دەریا و سەربوردەت تۆمار دەکات، گەر من نەبم کێ جەنگەڵت دەکاتە ئاوەدانی وێرانەت بە پایتەختی، کێ ئەسپەکانت بۆ زین دەکا و جەنگەکانت بەرپا دەکات، کێ رەنگەگانت شیتەڵ دەکات و کێ هەناسەکانت ئەژمار دەکات، ئاخر گەر من نەبم کێ سورەتەکانت تەفسیر دەکات و کێ بتەکانت دەشکێنێ و کێ خوداکانت دەپەرستێت و کێ نوێژەکانت بۆ دەکات ئاخر کێ؟ پێم ناڵێی کێ؟

١٦/١٢/٢٠٠٩